# بۆچی پیاوێکی پیر؟

ژنەکە لە ڕاڕەوێکی فەرمانگەکە لەسەر کورسیەك بەکەساسی دانیشتبوو، دیاربوو فەرمانبەرەکە پێی گوتبوو کە جارێ دابنیشێت تا خۆی بانگی دەکات، ئەویش وەك ئەوەی خووی پێوەگرتبێت لچێکی عەباکەی بە نیوەی دەموچاوییەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی ئەو بەشەی دەموچاوی کە لێوەکان و لووت و لاروومەتێکی بوون دیار نەبن. بە ڕێکەوت لە تەنیشتەوە لەسەر ئەو کورسییە درێژەی کە بۆ هاووڵاتییان دانرابوو لەسەری دانیشن، منیش چووم دابنیشم.

دوای چەند چرکەیەك وەك ئەوەی هەردووکمان حەزمان لە دواندنی یەکتر بێت، کەوتینە قسە، سەرەتا ئەو گوتی: لە بەیانییەوە لێرەم هێشتا ئیشەکەشم تەواو نەبووە، نازانم کاری ناو فەرمانگەکان بۆ وا درەنگ ڕادەپەڕێنرێت و ئەو خەڵکە بۆ هێندە ئازار دەدەن. ئینجا درێژەی دایە و گوتی: هاتووم ناسنامەکەم بگۆڕم و ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم ڕەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تر



کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٥٦)
٢٠٠٩/١١/٩
٤٤

دەربێنم، ئینجا پرسی ئەی تۆ؟ منیش گوتم: کارێکی تایبەتیم هەیە و چاوەڕێی تەواوکردنیم، بەڵام بۆچی ناوی مێردەکەت رەش دەکەیەوە، خۆ تەڵاقی نەداویت؟ گوتی: با دەمێکە نزیکەی ساڵێك دەبێ، تەڵاقی داوم، ئەگەر حەزت لێی بێت بۆتی دەگێرمەوە. گوتم: زۆرم پێخۆشە کە بەسەرهاتەکەت بزانم. ئیتر ئەویش بەمشێوەیە دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی کرد و گوتی: گەنج بووم، تەمەنم (٢٣) ساڵێك دەبوو، لەسەر تاقەت و شەنگ و جوانی خۆم دابووم. باوکم مردبوو، من و دایکم و دوو سێ خوشك و دوو برا بووین، من کاروباری ماڵەوەم رادەپەڕاند، هەر لە جل شتن و کوڵ کردنەوە بگرە تا ماڵ پاککردنەوە و چێشت لێنان. رۆژێك غازمان نەمابوو، توانای کڕینی غازیشمان نەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتی گرانی بوو، ئێمەش بۆ هەموو شتێ هەر پرێمزمان بەکار دەهێنا، بۆ ئاو گەرم کردن، بۆ چێشت لێنان و بۆ زۆر شتی تر. رۆژێك ویستم پرێمزەکە هەڵکەم، پەمێکی زۆرم لێدا هەڵنەبوو، نەوت فیچەقەی دەکرد و شقارتەم لێدەدا هەڵنەدەبوو، منیش هێندەی دیکە پەمپم لێدەدا و شقارتەکەم لێ نزیك دەکردەوە، لەپڕ هەر هێندەم زانی گڵپەیەکی کرد و هروژمی ئاگر بۆ دەمو چاو هات و لەبەر خۆکشاندنەوە پشتاوپشت بەربوومەوە. دەموچاوم هەمووی بووە دوکەڵ زانیم دەموچاوم سووتا، بەڵام جارێ خۆم نەدیتبوو، کە مەشخەڵە ئاگرەکە بۆم هات، منیش زیرەم لێهەڵسا، دایکم یەکسەر گەیشتە فریام. دەرودراوسێ کۆبوونەوە و یەکێ لە دراوسێیەکانمان ئۆتۆمبێلەکەی بە ئیش خست و خەڵکەکە بە پەلە منیان گەیاندە نەخۆشخانە و لەوێ داوای ئاوێنەیەکم کرد و ئەوجا رووخساری خۆم بینی و زانیم چیم لێقەوماوە و چۆن تووشی کارەسات هاتووم. پزیشکەکان لە نەخۆشخانە خەواندیانم و دەستیان بە چارەسەرکردنم کرد، نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانە مامەوە و پاشان کە دەریشچووم مانگێکی تر خەریکی تیمارکردنی برینەکانی دەموچاوم بووم. دەموچاوم زۆر نەسووتابوو، تەنیا لێوەکانم و سەری لووتم و لاروومەتێکم نەبێ. بەڵام ئەوەی کە ناشیرینی کردبووم لووت و لێوی سەرەوەم بوو. کە بەتەواوەتیش چاك بوومەوە، جوانییەکەی کوشتم، شەو ورۆژ سەیری ئاوێنەم دەکرد و خەم و خەفەتم دەخوارد و دەگریام. پێش سووتانم هەفتە نەبوو خوازبێنیم نەیەت، بەڵام من دەمگوت جارێ مێرد ناکەم، دایکم بەجێ ناهێڵم. کە دووچاری سووتانیش هاتم، تەمەنم گەیشت بە (٣٢) ساڵی ئینجا توانیم مێرد بکەم. ئەویش دوای ئەوەی دایکم مرد و خوشکەکانم مێردیان کرد و دوو براکەشم ژنیان هێنا و ئەو خانووەی هەمان بوو، خوشك و براکانم هەموویان لە بەشە میراتی خۆیان خۆش بوون و دایانە من و خانووەکەیان بەناو کردم. یەکێك لە براکانم کە ژنی هێنابوو گوتی: ناهێڵم بەتەنیا بیت، تاوەکو بۆخۆت مێرد دەکەیت من لەگەڵت دادەنیشم و چاوم لێت دەبێت. ئەوجا بەراستیش وابوو، زۆر بە پەرۆش بوو بۆم و چاوی لێم بوو، تاوەکو پیاوێك کە تەمەنی (٥٢) ساڵێك دەبوو، ژنیشی هەبوو، بەڵام ژنەکەی منداڵی نەدەبوو، دەیویست ژنێك بێنێت، منداڵی ببێت، هاتە خوازبێنیم، من سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام پاشان کەسوکار و ناسیاو گوتیان: بەخوا وا باشە بۆخۆت مێردێك بکەی و لە ماڵی مێردی خۆت بە قەدر و قیمەت بی و لە دەست تەنیایش رزگارت دەبێت، باشترە لەوەی وا بمێنیتەوە. هیچ نەبێ بۆخۆت منداڵێك دوانت دەبێ و پاشان بۆخۆت پێیان دەخافڵێی. براکەشم هەر وای دەگوت و پێی گوتم: ئەگەر حەزیشت کرد هەر لەو خانووە بمێنێیەوە، ئەوا من دەچمە دەرێ، ئەگەرنا ویستت لەگەڵت دادەنیشم، ئەگەر حەزیشت کرد بچیە لای مێردت و لەلای ئەو، لە خانووی ئەو جا ئەگەر خانووی بە کرێ بوو یان هی خۆی بوو، دابنشی هیچ رێگریت لێناکەم، ویستت خانووەکەت بە کرێ بدە و من خانوویەکی دیکە بە کرێ دەگرم،ویستت من لەناوی دەمێنمەوە هەتا تۆ پێتخۆش بێت. منیش گوتم: برام چۆن دڵم دێت بەتۆ بڵێم بڕۆ دەرەوە و بۆخۆت خانوو بگرە، بە هەرحاڵ رازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەراستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێك کە ئیدی گەنجێك نایەتە داخوازیم کە من ئێستا وا لە سیم تێپەڕاندووە، ئەگەر لەو یەك دوو ساڵەش مێرد نەکەم ئیتر کەس نامخوازێ مەگەر کابرایەکی پیر نەبێت، بۆیە منش رازی بووم مێرد بەو پیاوە بکەم. کە مێردم کرد خانووەکەم بۆ براکەم بەجێهێشت. نزیکەی حەوت هەشت مانگ لەلای مێردم مامەوە سکم نەبوو، پیاوەکەم هەموو رۆژێ پرتەو بۆڵەی دەکرد، ژنەکەشی (هەوێیەکەم) دەیگوت: باشە تۆ خۆت لە ئاوێنەدا دیوە، ئەگەر جوان بای ئەو پیاوەش نەتیدەخواست، ئەوە لە نەزۆکیشت هەر گەڕێ، کابرا تەنگەتاوی منداڵ بوو، ژنەکەش واتە هەوێیەکەم وەك دوژمن لە بۆسەم دابوو، بیست و چوار سەعاتی خودای ئەوە ململانێیی دەکردم و توانج و قسەی بریندارکەری پێدەگوتم، ئاخیرییەکەی مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێك و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ. کابرا بەتەواوەتی لێم ساردبۆوە، پاش ساڵێك و هەندێك گوتی: من تۆم ناوێت. تەڵاقی دام، براکەشم لە رقان پارێزەرێکی بۆ گرتم و ئەویش هەموو هەقەکانی بۆم وەرگرت. ناچار گەڕامەوە ناو خانووەکەم لای براکەم، پێکەوەین ئەو ژن ومنداڵی هەیە و منیش بە منداڵەکانی غافڵ بوویمە، براکەم و براژنەکەم لەگەڵم زۆر باشن، لە خوای بەزیاد بێ، منداڵەکانیش زۆر هۆگرن و بەردەوام لای منن، ئیتر سەبووریم بەوان دێت و جارێکی تر ببڕای ببڕ مێرد ناکەمەوە بۆیە لێرەشم هاتووم عەرز و حاڵێکم نووسیوە بەڵکو ناوی مێردەکەم لەسەر ناسنامەکەم رەش بکەمەوە و ناسنامەیەکی تازە دەربێنم.

**بە هەرحاڵ رازی بووم لەسەر مێردکردنم بەو پیاوە. چونکە بەراستی منیش گەیشتبوومە قەناعەتێک کە ئیدی گەنجێک نایەتە داخوازیم**

**مێردەکەم منی بردە لای پزیشکێک و ئەویش دوای پشکنین گوتی: پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە و پارەیەکی زۆریشی تێدەچێ، تا ئەو نەشتەرگەرییەشی بۆ نەکرێت هیچ ئومێدێکی نییە توانای سکپڕی هەبێ**



# کوشتنی پیاوێک لە

ئا: باوکی میدیا

**بە خەمباری و دڵتەنگییەوە، دەستی لە بن چەناگەی نابوو، لەسەرێکەوە غەرقی دالْغە و خەیاڵەکانی خۆی بوو، لەسەرێکی تریشەوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارێ**

### ڕووداوێك لە شەوێکی ترسناکدا

(سەمیعە) بە خەمباری و دڵتەنگییەوە، دەستی لە بن چەناگەی نابوو، لەسەرێکەوە غەرقی دالْغە و خەیاڵەکانی خۆی بوو، لەسەرێکی تریشەوە دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارێ. زۆر بە پەرۆش بووین، بەسەرهاتی بێوەژنێی ئەم ئافرەتە بزانین، کاتێك هاوڕێیەکمان ئێمەی بردە لای کە بەسەرهاتەکەی ئەو بکەینە ڕیپۆرتاژێك، چونکە لەلایەك بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە و دروست بوو، لەلایەکی تریشەوە ڕووداوێکی تەمومژاوی بوو، کە بە (سەمیعە) خانمان گوت ڕووداوی کوشتنی مێردەکەیمان بۆ بگێڕێتەوە لەپڕ وەك پەرچەکردارێکی دەروونی ساتێك دالْغە بردیەوە ئێمە زۆرمان لێنەکرد و حەزمان نەکرد برینەکانی زێتر بکولێنینەوە، لەبەر ئەوە تا خۆی قسەی نەکرد ئێمە دەنگمان نەکرد. (سەمیعە) کە ژنێکی تابڵێی جوان و شۆخ و شەنگ بوو لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدابوو، مامۆستای سەرەتایی قوتابخانەیەکی سەرەتایی کچان بوو، فرمێسکەکانی سڕی و ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و لەسەر خواستی ئێمە دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی مێردکردن و کوژرانی مێردەکەشی کرد و گوتی: من و (ئەمجەد) ی هاوسەرم، پێش ئەوەی بێنە خوازبێنیم سێ ساڵان بەدڵ و بە گیان یەکتریمان خۆشدەویست، (ئەمجەد) لە تەمەنی (٢٥) ساڵی و منیش لە تەمەنی (٢٣) ساڵی دابووم، گەنجێکی تا بڵێی جوان و کەڵەگەت و ڕێك بوو، ڕووخۆش و هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو، قسە و گفت و لفتی تا بڵێی شیرین بوو. یەکەمجار بە ڕێکەوت لە قوتابخانەکەمان ناسیم، ئەویش لە کۆبوونەوەی باوکان و دایکان بوو، ئێمە لە قوتابخانەکەمان بە نیاز بووین هەندێ گفتوگۆ لەگەڵ دایکان و باوکانی قوتابیان بکەین، بۆ ڕێنمایی کردنیان و چارەسەرکردنی گرفتی منداڵەکانیان و ئاگاداربوون لە وەزعی منداڵەکانیان، بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژێکمان بۆ دایکان و باوکانی قوتابی تەرخان کرد کە کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکەین، ئەو ڕۆژە (ئەمجەد) بۆ برایەکی کە لە پۆلی شەش بوو هاتبوو، کەهاتە ناو قوتابخانە مامۆستایەکمان ڕێنمایی کردبوو لە نزیك باوکەکان دابنیشێت. ئیتر من و مامۆستاکانی تر و بەڕێوەبەری قوتابخانەش چووینە لایان، سەرەتا ئەو منی دیتبوو، بەڵام من نەمدیبوو. پاشان بە ڕێکەوت چاوم کەوتە سەر (ئەمجەد) و دڵم چووە سەری. دیتم ئەویش هەر سەرنجی من دەدات، بەهەر حاڵ نەمزانی کۆبوونەوەکە چۆن کرا و چی تێدا گوترا و کەی تەواو بوو. لەکاتی تەواوبوونی کۆبوونەوەکە دایك و باوکەکان لە مامۆستاکان نزیك بوونەوە بۆ ئەوەی لەبارەی منداڵەکانیان پرسیار لە مامۆستاکان بکەن، ئەویش لە من نزیك بۆوە و پرسیاری براکەی کرد، ئیدی بەمجۆرە هەندێك قسەمان کرد و یەك دوو ڕۆژی تر دووبارە هاتەوە، هەندێ قسەی ترمان کرد و جۆرە پەیوەندییەك لە نێوانماندا دروستبوو، کە جاری سێیەم و چوارەم هاتەوە، ئیتر من بەڕاستی هۆگری بووم، هەموو شتێکی ئەو لەلام جوان و سەرنجڕاکێش و تایبەت بوو، پاشان کەوتینە داوی خۆشەویستی یەکتر، هەر وەسف ناکرێت، ئێمە سێ ساڵی ڕەبەق یەکتریمان خۆشویست، لە ماوەی ئەم سێ ساڵەدا بۆ یەکجاریش دڵی نەشکاندم، یا عاجزی نەکردم، بەخۆی سروشتی وابوو، توڕەیی نەدەزانی، ئەگەر توڕەش بوایە، تەنیا لە دەم وچاویدا بەدەردەکەوت، تۆزێك گرژ دەبوو، بەڵام هەرگیز شتی گەورە نەدەکرد. دوای سێ ساڵ خۆشەویستی هاتە خوازبێنیم و دایك و باوك و براکانم ڕازی بوون، ئەویش منی مارەکرد و پاش مانگێك گواستمیەوە پێنج ساڵ ژن و مێردایەتیمان بەو پەڕی خۆشی بەسەر برد، تا ئەو شەوەی کارەساتەکە ڕوویدا، شەوێك زستان بوو، ئەو شەوە باران قەت کڕی نەدەکردەوە، ئەو شەوان ئەگەر زۆر درەنگ بگەڕابوایەوە تا کاتژمێر (٩) ی شەو بوو، زیاتر نەبوو، بەڵام شەوی ڕووداوەکە هەتا دوانزە و یەکیش بوو، هەر نەهاتەوە، منیش هەواڵم دایە کەسوکاری خۆی و کەسوکاری خۆشم، بەمشەوە ناچار بووین، بچینە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، کە پرسیارمان کرد، گوتیان تەرمێك لێرەیە و بە کوژراوی دۆزراوەتەوە و ناسنامە و شتی وا لە گیرفاندا نەبووە، وەرن تەماشای بکەن بزانن ئەوە هی ئێوەیە یان نە، ئێمەش چووین تەماشامان کرد و دڵیشم خورپەی دەکرد و بە خێرا لێیدەدا، ئێمەیان بردە مەیتخانە و دەرگایان کردەوە و چووینە هۆڵێك و دەرگای ساردکەرەوەیەکیان کردەوە و ڕایانکێشا و پیشانیان داین، کە سەیرم کرد واقم وڕما، دڵنیا نەبووم، زوو دەستی ڕاستیم بەرز کرد، کە وەخی خۆی لە ساڵی یەکەمی خۆشەویستیماندا ناوی منی لەسەر باسکی خۆی کوتابوو، ناوی خۆم بینی، یەکسەر پێش چاوم تاریك داهات و ڕێشکە و پێشکەی کرد و بەربوومەوە، ئیتر نەمزانی چیم لێهات، کە بە ئاگاهاتمەوە دیتم لەسەر قەرەوێڵەیەك درێژکراوم و هەموو لە چواردەوری من دەگرین، منیش تەرمی (ئەمجەد)م بەبیرهاتەوە گوتم: ئەو تەرمە (ئەمجەد) بوو، وانییە؟ هەموویان دەستیان بە گریان کرد، ئینجا ئەفسەری لێکۆڵینەوە هاتە لامان و پێی گوتین کەوا کابرایەك هەواڵی هێناوە و هەر ئەویش ڕووداوی کوشتنەکەی دیتووە و گێڕاویەتییەوە، ئەو کەسەش ئێستا لای ئێمە دەست بەسەرە تا دادوەر بڕیار لەچارەنووسی دەدات، ئەگەر حەزیشتان لێیە دەتانبەمە لای





# بارودۆخێکی نادیاردا!!

له پەنجەرەکەوە، ئێوەش له دەرەوە بن، با ئەو ڕووداوەکەتان بۆ بگێڕمەوە.

**کوشتنی (ئەمجەد) بەتەورداس**

(سەمیعە) له قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: من بەو حاڵەمەوە، کەسوکاری (ئەمجەد) و هی خۆشم بە حاڵێکی لەمن خراپترەوە، چووینە بەر پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە کابرای لێدەست بەسەربوو، پێمان گوت ڕووداوەکە چۆن بوو، چۆن کوژراوە کێ کوشتوویەتی؟ ئەویش بەم شێوەیە قسەی کرد و گوتی: کاتژمێر دەوری یانزە و نیو دەبوو، بە کۆڵانێکدا دەڕۆیشتم و سەیوانێکیشم پێ بوو، بارانێکی بەهێز بوو، کە بە کۆڵانەکەدا دەڕۆیشتم، نزیکەی سەد مەترێك دوورتر نزیکتر، نازانم، لەسەری کۆڵانێکی تر دوو زەلامی دەمامکدار دەرکەوتن، ئەو کوژراوەش لە کۆڵانەکەی تر دەرکەوت، پێدەچوو دوو زەلامە دەمامکدارەکە، بۆ سەیان نابووەوە، کوڕەکەی ئێوە هەر کە دەرکەوت ئەوان تاویان دایێ و هێرشیان کردە سەر، کوڕەکەی ئێوە نەیدەناسین، هاواری لێکردن و گوتی، کوڕە ئێوە کێن؟ چیم کردووە، چیتان دەوێ لێم؟ گوێیان لەو قسانەی نەگرت، بووە شەڕیان، شەڕێکی دەستەو یەخە بوو، ئەوان دەرەقەتی نەدەهاتن، یەکێکیان لە پشتەوە پێی ڕادەکێشا، تا بەری بداتەوە، ئەوەی تریش لە پێشەوە لەگەڵی بەشەر دەهات، هەندێکجار بەردەبووە، بەڵام زوو هەڵدەستایەوە، بە هەرحاڵ منیش چاوم زەق زەق ببوو نەمدەزانی چی بکەم، حەزم دەکرد لەسەری بکەمەوە، بەڵام نەمدەزانی شەڕەکە لەسەر چییە، دەمگوت کێ ناڵێ ئەو دوو زەلامە لەسەر هەق نین، یان ئەو کوڕە دەستدرێژی نەکردۆتە سەر ناموسیان، وەکو دیکەش کە دەمدیت ئەوانە دەیانەوێ وەکو کاور لە عەردی بگەوزێنن، بەدەست خۆم نەبوو، خەریك بووم بچم، بەڵام لە پڕ دیتم ئەوەی پشتەوە تەورداسێکی دەرهێنا و هەتا هێزی تێدابوو تەورداسێکی لە پشتی داو کابرا بەلاداهات و ئەوەی دیکەش، نەمزانی چی بوو، شتێکی لەسەریدا. شەڕەکە زۆر پیس بوو، ئەو کابرایە زۆر دەستکەوە بوو، بەڕاستی بەو پەڕی بوێری و ئازایەتییەوە شەڕی لەگەڵ دەکردن و لێیانی دەدا، بەڵام ئەوان زۆر بە نامەردانە لێیان دەدا، ئەوجا لەبەر ئێش و برینی پشتی هەستم کرد چیتر توانای شەڕی نییە، ئەوانیش ئەوەیان بەدەرفەت زانی و دوو سێ تەورداسی تریشیان لێدا، ئەوجا بە یەکجاری بەربۆوە سەر زەوی و لە پەلوپۆ کەوت، پێدەچوو تەورداسەکان کاریگەر بووین، چونکە یەك دوو تەورداسی تریشیان لەدەموچاوی دا، هەر توانای جوڵەی نەبوو، کە زانیان کاری خۆیان کردووە لێیاندا ڕۆیشتن، منیش بە ئەسپایی لە کەلەشەکە نزیك بوومەوە، دیتم دوو کەسەکە لەناکاو دەرکەوتن وبۆم هاتن، بەڕاستی منیش ترسام، گوتم ئەوانە پیاوکوژی ڕاستەقینەن، من نازانم شەڕ لەسەر چییە و مەسەلە چییە، بۆچی تووشی ئەو چارەنووسە ببم، لەبەر ئەوە یەکسەر هەڵاتم، تاوەکو دڵنیابووم لەوەی کە بەیەکجارەکی ڕۆیشتوون، ئەوجا گەڕامەوە، کە گەڕامەوەش هەر بە ترس و لەرز گەڕامەوە. هاتمە سەر تەرمەکە و هێشتا ڕوحی لەبەرمابوو، ئاوزنگی دەدا، پێدەچوو زۆر عەزابی هەبوو، چاوی کردبۆوە، تەماشای دەکردم، بەڵام توانای قسەکردنی نەبوو، دانەویمەوە پێم گوت، ئەو پیاوکوژانە کێ بوون، دەیانناسی، ناویان دەزانی؟ هیچی نەگوت، دەشمزانی هیچی پێناگوترێ، بەڵام زۆر بە پەرۆش بووم قسەیەك بکات، بەڕاستی پیاوێکی بە جەرگ و ڕەشید و ئازا بوو، زۆر مەردانە بەرەنگاریان ببۆوە، ئەو ناوە هەمووی خوێن بوو، زۆر نامەردانە لە خوێنی خۆیان گەوزاندبوو، بە هەموو دڵەوە حەزم دەکرد بتوانێ ناوێکیان بڵێ، بەڵام هیچی پێنەدەگوترا، چاوی بریبووە من، تەنانەت توانای سوڕاندنی چاویشی نەمابوو، بەتەواوەتی لە جوڵە و لەپەلوپۆ کەوتبوو، دەموچاوی برینی گەورەی لێبوو، زۆر بە خراپی لە دەموچاویشیان دابوو، پشتی برینی گەورەی لێبوو، لەو دەمە مۆبایلەکەم بیرکەوتەوە، دەرمهێنا و تەلەفۆنم بۆ پۆلیسی فریاکەوتن کرد و ناونیشانی شوێنەکەم دانێ و پاش دە خولەکێك گەیشتنە شوێنەکە، منیش بە پەلە و بە کورتی ڕووداوەکەم بۆ گێڕانەوە، بەڵام هەتا ئەوان هاتن ئەو چاوی لێکنابوو، بەس هەناسەی مابوو، کە بۆم باسکردن، ئەوجا گیانی دا، ئێستا چۆنم بۆتان گێڕایەوە هەمان شتم بۆ ئەوانیش گێڕایەوە، ئینجا تەرمەکەیان هەڵگرت و منیشیان هێنایە ئێرە و وا لێرە گلیان داومەتەوە کە من هیچ سوچ و گوناهێکم نییە، نەئەوان دەناسم نە پیاوکەی ئێوەش، وا لێرە لەو ژوورەیان دەست بەسەرکردووم.

**لێکۆڵینەوە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێك**

(سەمیعە) بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و گوتی: کابرا دوای دوو سێ مانگ گیران لەسەر داوای ئێمە بە کەفالەت ئازاد کرا، لێکۆڵینەوە بە هەموو شێوەیەك بەردەوام بوو، بەڵام بکوژەکان هەر نەدۆزرانەوە، تا ڕۆژێك ئەفسەری لێکۆڵینەوە گوتی: زۆر زەحمەتە ئەو بکوژانە بدۆزینەوە چونکە بەڵگەیەکیان بە جێنەهێشتووە، من تەنیا ئەوەندەی بۆ دەچم مادام دوژمنداری و کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە ئەم کابرایە بە هەڵە کوژراوە، جۆری کوشتنەکەش ئەوە دەردەخات، ئیتر بەمجۆرە نە بکوژ دەستگیر کرا و نە ئێمەش زانیمان کێ ئەو تاوانەی کرد.

**ڕۆژێك ئەفسەری لێکۆڵینەوە گوتی: زۆر زەحمەتە ئەو بکوژانە بدۆزینەوە چونکە بەڵگەیەکیان بە جێنەهێشتووە، من تەنیا ئەوەندەی بۆ دەچم مادام دوژمنداری و کێشەی لەگەڵ کەسدا نەبووە ئەم کابرایە بە هەڵە کوژراوە**




# دادگا ئاشتیکردنەوە!

**ناکۆکییەکانی ژن و مێردێك**

(جەمیلە) لەشەرمان نەیدەزانی چی بڵێ،(دادوەر) کە زانی شتێکی هەیە، بەڵام لەشەرمان قسە ناکات بە (جەمیلە)ی گوت: دەتەوێ بە تەنیا بە دادگای بڵێی؟

ئەم حاڵەتە، بەو پێیەی کە گەنجە و لەسەرەتای تەمەنی لاویەتییەتی کاریگەرییەکی دەروونی زۆری لەسەر بەجێهێشتبوو، هەمیشە تورە و تۆسن و زوو هەڵچووبوو، بە بچوکترین شت هەڵدەچوو

(یاسین و جەمیلە) لەسەرینی هاوسەرێتیانەوە منداڵێکیان هەبوو، ناویان نابوو(بەهێز)، ژیانێکی ئاساییان بەسەر دەبرد، ساڵێك دووان، بەمشێوەیە وەك ژن و مێردێکی بەختەوەر خەریکی ژیان و ماڵ و حاڵی خۆیان بوون.

تاوەکو رۆژێك(یاسین)بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە بریندار دەبێ و لایەکی نیچمە ئیفلیج دەبێ، پاش ئەوەی ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بە تەواوەتی چاك بێتەوە سەفەری دەرەوەی وڵات دەکات و لەوێش ماوەیەك دەخرێتە ژێر چارەسەر و نەشتەرگەری و پاش ماوەیەك لە چارەسەرکردن، وردە وردە بەرەو چاکبوونەوە و هاتنەوە سەرەخۆی زیاتر دەچوو، تا والێهات بەپێی خۆی دەرۆیشت، بەڵام کە هاتەوە لە ژێر ئەو فشارە دەروونییەی کە بەهۆی رووداوەکە بۆی هاتبووە پێش، تووشی کزی سێکسی دەبێ.

هەنجەتی بە هەموو شتێ دەگرت، چەند جارێك(جەمیلە) هەوڵی لەگەڵ دا بچێتە لای پزیشکێکی دەروونی و پێی دەگوت، (یاسین) پێشتر و دوای رووداوەکەش چ عەیبت نەبوو، لەوەی لە دەرەوەی وڵات هاتووینەتەوە تووشی ئەو حاڵەتە بووی، من دڵنیام مەسەلەکە تەنیا فشارێکی دەروونییە و هیچیتر وەرە لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە، با بچینە لای پزیشکێکی دەروونی، خۆ دنیا کاول نابێ، نازانم بۆ شەرمت بەخۆیە خۆت نیشانی پزیشکێکی دەروونی بدەی، ئەی پزیشك بۆچییە ئەگەر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش نەبێ.. کەچی (یاسین) هێندەی دیکە توورە دەبوو، پڕ بەدەمی هاواری دەکرد و پێی دەگوت: (جارێکی تر ئەو قسانە بکەیەوە خۆم دەزانم چیت لێدەکەم،...).

شەڕ و ناکۆکی نێوان(یاسین و جەمیلە) رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو، وایلێهات(یاسین) ژنەکەی دەرکرد، ئەویش منداڵەکەی لەگەڵ خۆی برد، لەیەك نەگەیشتنێکی قوڵ لە نێوان خۆیان و کەسوکاری هەردوولاش دروست بوو، بەهۆی بەردەوام بوونی ئەو ناکۆکییانە (جەمیلە) رووی



لـــه دادگاکرد  و داوای جیابوونەوەی لە (یاســـین)کرد، (جەمیل) حەزی نەدەکرد لە(یاســـین) جیابێتەوە چونکە دەیزانی ئەو هەموو توڕەییەی لەسەر ئەو حاڵەتە دەروونییەوەیـــە کە دووچاری بووە، بەڵام بەڕاستی (یاسین) یش ژیانی (جەمیلە)ی تـــاڵ کردبوو، بێ ســـووچ و گوناه،بێ ئەوەی رەفتارێکی خراپی لەگەڵ کردبێ، کەچـــی بە هاوار لەســـەرکردن و بانگ کردن بە جنێودان و هەڕەشـــەی دەرکردن و سووکایەتی پێکردنی زۆر ناشیرینانە، (جەمیلـــە)ی تەواو هەراســـان کردبوو، لەبەر ئەوە پێی بـــاش بوو لێکجیاببنەوە وەك لەوەی  لەو ژیانە پڕ لە ئاشـــووب و هەڵچوون و داچوونەوەی لەگەڵ (یاسین) دا بمێنێتەوە.

کەرۆژی دادبینی داواکەی (جەمیلە) هات، بانگ کرانە ژوورەوە، پێشتر(یاسین)یش لەلایەن دادگاوە لە نـــاوەڕۆك و رۆژی دادبینیەکەی  ئاگادارکرابۆوە،(یاســـین) بـــەر لـــە وادەی دادگایکـــردن لەوێ ئامادە بوو هەردووکیـــان، دوای بانگ کرانیان، چوونە ژوورە، دادبینی دەستی پێکـــرد  ئینجـــا دادوەر رووی لە ژنەکە کـــرد و گوتی: کچم هاتـــووی داوای جیابوونەوە لە مێردەکەت دەکەی، بۆمان روونکـــەرەوە بۆچـــی داوای جیابوونەوە دەکەی لـــە کاتێکدا منداڵێکشـــتان لە نێواندایە(جەمیلـــە) لە وەڵامی دادوەردا گوتی: جەنابـــی دادوەر من و ئەم پیاوە چەند ساڵێکە ژیانی هاوسەرێتی بەسەر دەبەین و هیچ کێشـــەیەکمان لە نێواندا نەبوو، تاوەکو تووشی رووداوی هاتووچۆ هات و لە رووداوەکە لایەکی جەســـتەی دووچاری ئیفلیجی هات.

شەش حەوت مانگان لێرە لە نەخۆشخانە بە دیارییـــەوە بووم، دوایش ســـەفەری دەرەوەی وڵاتـــی کـــرد و لـــەوەش هەر لەگەڵی بووم، ئەویش مانگێکی خایاند، پاشان لەوساوە تا ئێستا ساڵێك پترە کەوا من بەو حاڵەوە لە دیاری دانیشـــتوومە خزمەتـــی دەکەم،  کەچـــی لە جیاتی چاکەم بداتەوە، لە جیاتی سووپاسگوزاری هەموو وەختێ دەمداتە بەر جنێو و قسەی ناشیرین و یەك دوو جاریش دەریکردووم، هەموو ئەو سوکایەتیانەشـــم لەسەرینی منداڵەکەمانەوە قبوڵ کردووە، بەڵام ئیتر بەڕاستی لەوزەم نەماوە و چیتر نامەوێ لە ســـایەی ژیانێکدا بژیم کە هەمووی جنێوو سوکایەتی بێت.

## هەوڵی دادگا بۆ پێکهێنانەوەیان

کە(جەمیلە) قسەکانی تەواوبوو،(یاسین) دەموچاوی غەزەبی لێدەباری، زیاتریش لـــەوە تـــووڕە ببوو کە چـــۆن دەبێ ژن شکایەتی لە مێردی بکات و رایبکێشێتە، بەر دادگا پوختەی قسەکانی (جەمیلە) لە پەراوی کێشەکە نووسرا ئینجا دادگا نۆرەی قســـەی دایە(یاسین) و ئەویش گوتی: من راســـتە زوو توڕە دەبم و زۆر جاریش لە تووڕەییان خۆم پێ بەر زەوت نەکراوە، بـــەڵام خۆ ئەو خێزانمە دەبووایە لە وەزعی من بگەیشـــتایە ئێستاش کە هاتـــووە داوای جیابوونـــەوە دەکات، من تەڵاقی نادەم، ئەویش کەیفی خۆیەتی.


(دادوەر) رووی لە(جەمیلـــە) کرد، کە هۆی راستەقینەی ناکۆکییەکەیان بڵێ، چونکە ئەو تەنیا ئەنجامەکانی باســـی کردووە هۆیەکانی باسی نەکردووە .

ئەویـــش گوتـــی: بەڵـــێ، دادوەر داوای چوونـــە دەرەوەی لـــە هەمووان کرد(جەمیلە) کـــە زانی هۆڵەکە چۆڵ بوو ئیـــدی شـــەرمی شـــکا(دادوەر) پێی گـــوت کچم چیت هەیـــە بیلێ ، دادگا نهێنیت بـــە تەواوەتی دەپارێزێ ئێمـــە دەمانەوێ لە راســـتی کێشـــەت بگەین، بـــۆ ئەوەی ئەگـــەر حوکمman لەســـەر کێشـــەکەدا حوکمێکی راست و دروســـت و دادپەروەرانە بێت(جەمیلە) گوتـــی: جەنابی حاکـــم، بەهۆی ئەو رووداوەوە(یاسین) لەسەرەتای چارەسەری پزیشـــکی لە رووی توانای پیاوەتییەوە هیچ کێشەیەکی نەبوو، بەڵام کە چووینە دەرەوەی وڵات و پاش چارەسەرییەکانی باشتر بوو، کە هاتینەوە توانای پیاوەتی کزبوو، لەو وەختیەوە لەگەڵ من زۆر بە خراپی هەڵسووکەوت دەکات وەك ئەوەی من هـــۆکاری ئەو حاڵەتەی بم، کەچی لە بەرامبەر ئەو خراپییەیشی هانیمدەدا بچێتە لای پزیشکێکی دەروونی کەچی زیاتـــر بە روومدا دەتەقییەوە ئیتر منیش چیتر بەرگری ئـــەو ژیانەیم نەما، من کە خزمەتی دەکەم و نازی دەکێشـــم لە جیاتـــی چاکەم، تاڵاوم پێ بنوشـــێ؟! بۆیە بڕیارمدا لێی جیاببمەوە، پاش ئەو قسانە دادوەر لە مەسەلەکە گەیشت.

ئینجا بانگی (یاسین)ی کرد و گوتی: کوڕم ئەو ژنەت نەهاتـــووە لێتجیابێتەوە هاتـــووە دادگا پێکتانبهێنێتـــەوە مـــن داواکەتان رەت دەکەمەوە تۆش دەســـتی ژنت دەگری و بە رێز و خۆشەویستییەوە دەیبەیتەوە ، ناوی پزیشکێکیشت دەدەمێ کەوا بچیـــە لای و حاڵەتەکەی تۆ زۆر سانایە و چارەسەریشی هەر سانایە، خۆت ل خۆت کردۆتە کێشە، ئینجا (دادوەر)کە هەردووکیانی پێکهێنایەوە و (یاسین)یش بەڵێنی دا تەنانەت یەك وشەی ناخۆش و رەق چییە بە(جەمیلە) نەڵێ و دەچێتە لای پزیشکیش بۆ ئەوەی خۆی چارەسەر بکات، بەمجۆرە هەردوولا پێکهاتنەوە و چوونەوە ژێر ســـاباتی ئـــەو ماڵەی کە منداڵێکیان لە ناویدا بووە.

(جەمیلە) لەشەرمان نەیدەزانی چی بڵێ، (دادوەر) کە زانی شتێکی هەیە، بەڵام لەشەرمان قسە ناکات بە (جەمیلە) ی گوت: دەتەوێ بە تەنیا بە دادگای بڵێی؟

ئەم حاڵەتە، بەو پێیەی کە گەنجە و لەسەرەتای تەمەنی لاویەتییەتی کاریگەرییەکی دەروونی زۆری لەسەر بەجێهێشتبوو، هەمیشە توڕە و تۆسن و زوو هەڵچووبوو، بە بچوکترین شت هەڵدەچوو



# کێ لە چارەنووسی (زەمەن) بەرپرسیارە؟

ئا: خەندە گۆران



گوڵان
ژمارە (٧٥٦)
٢٠٠٩/١١/٩

گەر ئەمڕۆ سەیری کێشەکانی دنیا بکەین دەبینین کێشەیەکی گەورە سەری هەڵداوە کە بە کێشەی ئافرەتی لەشفرۆش واتە (بغاء) ناسراوە، ئەو ئافرەتانەش لەبەر ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی دارایی مسۆگەر و هیچ کار وەزیفەیەکی جێگریان نییە، بۆیە ناچار دەبن ئەو کارە بکەن و گەلێ جاریش بەهۆیەوە فریو دەدرێن لەلایەن گروپە مافیاکان و بەنێوی کارپێکردنیان تووشی کاری نابەجێ دەبن، لە وڵاتێك دەبردێنە وڵاتێکی دیکە و بازرگانیان پێ دەکرێت و دەستدرێژیان دەکرێتە سەر، دیارە ئەم دیاردەیە وڵاتی خۆشمانی گرتۆتەوە هەروەکو چۆن لەسەردەمی رژێمی بەعس چەندین کچی کورد فرۆشرانە وڵاتە دراوسێکان و بازرگانیان پێکرا، دواتریش بەهۆی شەڕە یەك لە دوایەکانی کە عێراقی گرتەوە بەتایبەتی جەنگی کەنداو کە بووە هۆی پەرتەوازەبوونی خێزانە عێراقییەکان و کەم درامەتی و بێ کاری رووی لە وڵات کرد هەڵبەتە هەر وڵاتێك شەڕ و ناخۆشی رووی تێ بکات چەندین دیاردەش بەهۆیانەوە سەرهەڵدەدات لە مانە دیاردەی لەشفرۆشی (بغاء) کە ئەویش باندی خۆی دروست دەکات و بەنهێنی ئەم جۆرە کارانە دەکەن دیارە ئەم دیاردەیەش بە زۆری لە ناوچەی باشوور سەری هەڵداو بەم دوایەش گەیشتۆتە هەرێمەکەی ئێمەش هەروەکو سەرچاوەیەکی بەرپرس ئەوەی پێ راگەیاندین کەوا ئەم دیاردەیە رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوون دەکات و تەنانەت ئەم دەردە کوشندەیە ئافرەتانی خۆشمانی گرتۆتەوە و ئەم گرووپانە لە ئۆتێلەکان ژوور دەگرن و یاخود لە گەڕەکەکان دەیگرن بەڵام هەر کە دراوسێکان بەوە دەزانن هەواڵی پۆلیس دەدەن بۆ دەستگیرکردنیان، هەندێك لەم ئافرەتانە بە ئاگاداری خزم و کەسانیان ئەمجۆرە کارە دەکەن و هەندێکیشیان بێ ئاگاداری ئەوان .

(زەمەن) کچێکی جوان و ژکیلە بوو لە خێزانێکی حەوت ئەندامی نیمچە مامناوەندی شاری بەغدا دەژیا و هێشتا تەمەنی نە گەیشتبووە چواردە بەهار لەلایەن خانەوادەکەی لە کوڕێکی ناسیاوی خۆیان مارەی دەکەن و بێ ئەوەی رەزامەندی ئەو لەسەر ئەم شووکردنە وەربگرن ، دوای مارە بڕینی بە دوو هەفتەیەك دەچێتە نێو ژیانی هاوسەرگیری و بێ ئەوەی شتێك بزانێت دەربارەی ماڵ و خێزان بەڕێوەبردن، بۆیە لەگەڵ ئەو کوڕە ناکۆك و دەبن و لەگەڵ یەکتری ناگونجێن، دوای هەفتەیەك زیزبوونی ( زەمەن) بۆ ماڵە باوانی دەست پێ دەکات و شەڕوگرفتەکانیان رۆژ لە دوای رۆژ روو لە زیادبوون دەکات، تا دەگاتە رادەی لێك جیابوونەوەیان، بەڵام ئایا گەڕانەوەی (زەمەن) بۆ ماڵی باوکی کارێکی ئاسان دەبێت و ئەو باوکە تەمەن شەست ساڵە دەتوانی بژێوی حەوت سەر خێزان دابین بکات ئاخو پێویستی بە دەستی کەسێك نییە کەوا ئەم بارەقورسەی سەر شانی کەمێك سوك بکات و لەم گرانیە هاوکاری بکات؟ بۆیە چەندین خزم ناوسیا و تێ دەگەینێت بۆ ئەوەی کارێك بۆ (زەمەن) کچی بدۆزنەوە و تا ئەو رۆژەی یەکێك لە ناسیاوەکانی پێی رادەگەیەنێ کەوا کارێکیان بۆ (زەمەن) لە یەکێك لە کۆمپانیاکن دۆزیتەوە، بەمجۆرە (زەمەن) لەم کۆمپانیایە دەبێتە فەرمانبەر و ماوەی چەندین مانگ لە کارەکەی بەردەوام دەبێت تا ئەوڕۆژەی ئافرەتێك بۆ هەر کارێك بێت سەردانی ئەم کۆمپانیایە دەکات و لەگڵ (زەمەن) دەکەونە قسەکردن دوای ئەوە (زەمەن) باسی خۆی و ژیانی خۆی لای ئەم ئافرەتە دەکات و ئەویش وادەی پێدەدات کارێکی باشتری بۆ بدۆزێتەوە دوای چەند رۆژ لەسەردانەکەی پەیوەندی بە (زەمەن) ەوە دەکات و کە کارێکی باشی بۆ دۆزیوەتەوە بەڵام لە نێو شاری بەغدا نییە و مانگێ چەند رۆژێك دەچنە شارەکانی دیکەی عێراق و ئەو رۆژانەی لە ماڵیشن مووچەی خۆیان وەردەگرن، (زەمەن)یش ئەمە بە ماڵی خۆیان رادەگەیەنێ و ئەوانیش لارییان نابێت، بۆیە بەیانی نووسراوێك بۆ بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە دەنووسێت و دەستبەرداری کاری کۆمپانیای دەبێ بەمجۆرە خۆی بۆ کاری نوێ ئامادە دەکات تا ئەو رۆژەی وادەی سەفەرکردنیان دیاری دەکرێت و لەگەڵ چەند ئافرەتێکی دیکە روو دەکەنە شاری دهۆك و لەوێ چەند رۆژ لە خانوویەك دەبن و دوای چەند رۆژێك ئەو کەسەی کە سەرپەشتیان دەکات هەر ئافرەتە و لەگەڵ پیاوێك رەوان دەکات تا تۆڕەی (زەمەن) دێت.

(زەمەن) دەڵێت: کاتێ سمسارەکە بانگی کردم زۆر خۆشحاڵبووم گوتم: کاریان بۆ دۆزیمەتەوە پێی گوتم تۆ لەگەڵ ئەم پیاوە دەچیت و هەرچی پێ گوتی، نابێ لە قسەی دەرچی و دەبێ بۆی جێبەجێ بکەی، ئەوەبوو لەگەڵ پیاوەکە سەرکەوتم و تاکو منی بردە خانوویەکی چۆڵ کەسم تیا بەرچاو نەدەکەوت و پێی گوتم بڕۆ ئەم ژوورە و ئەویش لە دوای من هاتوو گوتی: خۆ دەزانی کاری تۆ چییە و من تۆم بۆ هێناوەتە ئێرە، جلەکانی لەبەردا کەندموو بە ئارەزووی خۆی کەوتە گیانم و سەرەتا لە ماچکردن و و تا رادەی سێکس و ئەوەی کردی لەگەڵم و تا بەیانی لەلای خەوتم و بەیانیش منی بردەوە بۆ شوێنی خۆمان، من سەرەتا هەوڵی زۆرم دا بۆ ئەوەی ئەم کارە نەکەم بەڵام دوای چی دوای ئەوەی بە ئافرەتێکی داوێن پیس و بەدرەوەشت ناوم برابوو ناچاربووم لەسەر ئەم کارە بەردەوام بم چونکە کاری دیم دەست نەدەکەوت، ئەگەر ئەم کارەشم نەکردبا ئەوە خێزانەکەم لە برسان دەمردن چونکە بەم دوایە باوکیشم تووشی نەخۆشی بوو کاری پێ نەدەکرا، ئەوە ماوەی ساڵێکە من ئەو کارە دەکەم و مانگی چەند رۆژ دەچینە شارێك و دوایی دەگەڕێنەوە شاری بەغدا و ئەو پارەی کە بەمجۆرە دەستمان دەکەوێت مەسروفی خانەوادەکەمانی پێ دەکەین و دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ شارێکی دیکە و کارەکەمان بەمجۆرە بوو تا رۆژێك پۆلیس هاتوو لەم خانووەی لێی بووین دەستگیری کردین و دادگاش بۆ ماوەی سێ مانگ زیندانی کردم.

**(زەمەن) کچێکی جوان و ژکیلە بوو لە خێزانێکی حەوت ئەندامی نیمچە مامناوەندی شاری بەغدا دەژیا و هێشتا تەمەنی نە گەیشتبووە چواردە بەهار**

**رۆژێک پۆلیس هاتوو لەم خانووەی لێی بووین دەستگیری کردین و دادگاش بۆ ماوەی سێ مانگ زیندانی کردم**

## نووسەر و ڕۆماننووسی سوری
## (فایدا سەعد) بۆ گوڵان :



# قودرەتی یاسا لە کۆمەڵگە موحافیزکارەکان قودرەتێکی دیاریکراوە

*(فادیا سەعد) نێوێکی دیاری بواری نووسین و ڕۆمانە، لە دایکبووی شامە، بەڵام بەهۆی پیشەی باوکییەوە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری (حمص)ی سوریا تەواو کردووە، دواتر لە دیمەشقی پایتەخت بەردەوامی بە خوێندن داوە تا گەیشتۆتە کۆلێژی (بازرگانی و ئابووری) بەڵام بەهۆی چالاکی لە بواری سیاسیدا بە ناچاری لە قۆناغی دووەمدا کۆلیژی جێهێشتووە. خانمی (فادیا) چالاکوان و داکۆکیکارێکی سەختی پرسی ژنان و مافەکانییەتی، دامەزرێنەری چەندین نێوەند و ڕێکخراوی ژنانە، هەروەها پشکداری لە کاری سیاسی و دامەزراندنی مونتەدا ئەدەبییەکانی سوریا هەیە، لە بواری نووسیندا جگە لە وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ژمارەیەك ڕۆمانی چاپکراویشی هەیە لەوانە ڕۆمانەکانی (ما عدت أنا) (عشتار و المولود) جگە لە چیرۆك وەك ڕۆماننووسێکی داهێنەر ناوی ڕۆیشتووە (گولاَن) لە دیمانەیەکدا چەمکی شەرەف و ئیشکالیەتەکانی کەلتووری نامووس پارێزی لەگەڵی تاوتوێ کرد.*

**• کاتێك لە ڕۆژهەڵات باس لە چەمکی نامووس دەکەین دەبینین هەردەم هەوڵ دەدرێت تێکهەڵکێشی لە نێوان ئەو چەمکە بە مانا فراوانەکەی لەگەڵ ڕەوشت و کردرای ئافرەت بکرێ، واتا خێزان و خێڵ، کەرامەت و پێگەی کۆمەڵایەتیان بەنامووسی ئافرەت دەبەستنەوە، بەڕای ئێوە هۆکاری ئەمە چییە؟ چ تێڕوانینێکیشتان بۆ ئەو تێکهەڵکێشیە هەیە؟**

- ئەمڕۆ سستەمی خێڵەکی لە ڕۆژهەڵات ڕووبەڕووی نەمان و لەناوچوون دەبێتەوە، ئێستا لەبێ

هێزترین قۆناغەکانی مێژوویدایە، دەکرێ جەبروت و هێزی لەبن نەهاتووی خێڵ بە بەشێك لە رابردوو دابنێین. یان جوڵە و بزاوتی بە پەلەقاژێی مەرگ وەسف بکەین، بۆیە هەرچی لەتوانایدا بێ دەیگرێتەبەر لە پێناو بەردەوامیدان بە پێگە و توانای خۆی، کۆڵەگەی سستەمی عەشائیری پیاوسالارییە، لە بنەڕەتدا لەسەر حیسابی تواندنەوە و پاشماوەی "سستەمی دایکایەتی" هاتۆتە وجود، کەواتە سەیر نییە بۆ سستەمێکی لەو جۆرە بە هەموو شێوەیەك دژایەتی ئافرەت بکا و تەواوی خراپی و یان ئەوەی خۆی ناوی ناوە نەنگی و شورەیی بە باڵای ئەویدا شۆڕ بکاتەوە، وا بزانم ئێستا فاکتەرەکان دیارن و پێویست بە شرۆڤەی زیاتر ناکات.

**● ئەمڕۆ لە رۆژگاری گلۆبالیزم و تەکنەلۆژیادا، زۆرێك لە تێز و چەمکە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و ئابوورییەکانی رۆژهەڵات گۆڕانیان بەسەرداهاتوە، بەشێك لە سۆسیۆلۆژ و لێکۆڵەرەوان پێیان وایە ئێمەی رۆژهەڵاتی پێویستمان بە تاریف و پێناسەی نوێی چەمکی نامووسە، ئەگەر وایە پێناسەی ئێوە چییە؟**

- بەڵێ بە رواڵەت هەست بە پێشکەوتن و گۆڕان دەکرێ، بەڵام لەناوەڕۆکدا گۆڕان دروست نەبووە، ئێمەی رۆژهەڵاتی ئەوەندەی بە شتە ماددی و رووکەشەکان خەریکین ئەوەندە بایەخ بە کرۆك و ناواخن نادەین، بەڵێ باڵەخانە و تەلار و ماشێنی نوێ و پارکمان زۆرە، بەڵام ئەگەر ئەو لایەنە بە پێشڤەچوونی واری کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکە بەراورد بکەین دەبینین جیاوازییەکە ئاسمان و رێسمانە، میدیا و نێوەندە رۆشنبیرییەکان زۆر باس لە پێشڤەچوون و گۆڕانکاری دەکەن بەڕای من هێشتا ئەو قسانە وەك مەرەکەبی سەرکاغەز ماونەتەوە، بە کورتی ئێمە تەنیا ئیدیعای پێشکەوتن دەکەین بەڵام لە واقیعدا پێشکەوتنێکی ئەوتۆ نابیندرێ مایەی باس کردن بێ، تۆ وەرە لایەنی کۆمەڵایەتی وەربگرە و لەسەر چەمکی شەرەف راگیری بکە، ئایا گۆڕانێك لەو دیوەدا دەبینی؟ ئایا هێشتا ئافرەتانی رۆژهەڵاتی ناکرێنە قوربانی کەلتووری نامووس پارێزی؟ چەندن ژمارەی ئەو کیژۆڵانەی ساڵانە بە بیانووی نامووس پارێزی رەجم و بەردباران دەکرێن؟ هەموو ئەو گفتوگۆ و مشتومڕەی لە پێناو ریفۆرم و کۆتایهێنان بە کەلتووری کۆنینەش دەکرێ نەیتوانیووە ئاوی مەنگ خواردووە بشلەقێنێ، گۆڕانکارییەکانی گۆڕانی نارەسەن، لەبارودۆخێکی ئاواشدا زەحمەتە بتوانین پناسەیەکی نوێی چەمکی نامووس بکەین.

**● لای ئێمە پاراستنی نامووسی ژنان لە ئەستۆی پیاودایە هاوکات پیاو و خێڵ و بنەماڵە کەسایەتی و پێگەی خۆیانی لە شەرەفی ژنەکانیان دەبیننەوە، واتە گەر پیاو نەتوانێ پارێزگاری لە ژنەکەی بکات کۆمەڵگە وەك کەسایەتییەکی بێهێز حیسابی بۆ دەکات، لە کاتێکدا لە رۆژئاوا چەمکی شەرەف وابەستەی کۆمەڵە دەستەواژەیەکی دیکەی وەك (درۆ و دزیکردن و ..تاد) چۆن شرۆڤەی ئەو دوو فاقیە دەکەن؟**

- پیاو یان سستەمی نێرسالاری بەخستنەرووی ئەو تێزە هەوڵی شاردنەوە و پەردە پۆشکردنی خراپی و کەموکورییەکانی دەدات، هەروەها بە دیوێکی دیکەشدا ئافرەتی پێ ئیستغلال کراوە، واتە ژنان بوونەتە بەشێك لە هاوکێشەکە، ئەوان بێ ئەوەی ئاگادرابن لە پیاوان زیاتر بەشدارن لەبەردەوامیدان



بەو رەوشە و جێگیربوونی.

**● ئاسەوارە خراپەکانی ئەو راڤەکردنە هەڵەیەی نامووس لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی و کەسایەتی ئافرەت بەتایبەتی چین؟**

- ئاسەوارەکانی زۆر و قورسن هەمووکات لەگەڵماندا دەژین، هەرە دیارترینیان ئەو ژمارە زۆر و بێ شومارەی ئافرەتانە کە ماکینەی نامووسپارێزی دەیانکاتە قوربانی، بەهۆی تاوانی شەرەفەوە ساڵانە هەزاران منداڵ دایکیان لەدەست دەدەن، هەزاران کیژۆڵەی ناسك و شەنگیش لە بەهاری تەمەنیاندا کۆچی ئەبەدی دەکەن، تاوان جا هەر جۆرە تاوانێك بێ و لە ژێر هەر بڕوبیانوویەك بێ بەهۆیەوە کۆمەڵگە هاوسەنگی لەدەست دەدات، لە رووی سایکۆلۆژییەوە ئاسەواری ناڕاستەوخۆ لەسەر پێکهاتەی خێزان دروست دەکات، دەروون و لایەنی رۆحی و مەعنەوی تاك ئیشك و ژیان براو دەکت، ئیرادەیەکی لەرادەبەدەری توندوتیژی بە تاوانکاران دەبەخشێ کە زۆر جار پەشیمانبوونەوەی بەدوادا دێ تا ئەو رادەیەی هەستکردن بە گوناه و تاوان وا لە تاوانبارەکە دەکات پەنا بۆ خۆکوشتن ببات.

**● چۆن دەتوانین هەموو ئەو زوڵم و نا عەدالەتییە لەسەر ئافرەتان هەیە هەڵگرین، هەندێك دەڵێن لە رێگەی یاساوە هەندێکی دیکە هۆشیارکردنەوە و پەروەردە، بە گرنگتر دەزانن رای ئێوە چییە؟**

- ئەگەر ئافرەتان خۆیان دەستپێشخەر نەبن و هەوڵی لابردنی ئەو زوڵم و ناعەعەدالەتییەی بەرامبەریان دەکرێ نەدەن، مەحاڵە هیچ یاسا و وارێکی یاسایی بەهانایان بێت، قودرەتی یاسا لە کۆمەڵگە موحافیزکارەکان قودرەتێکی دیاریکراوە، یاسا داری سیحری بەدەست نییە تا لە شەو ورۆژێکدا موعجیزە بخولقێنێ، شتێکی باشە گەر کار لەسەر هۆشیاری و پەروەردە بکەین، هەوڵی گۆڕینی کەلتووری دواکەوتوو بدەین، ئینجا کار لەسەر یاساکان بکەین، لەگەڵ هەموو ئەمانەش دەبێ ژنان چیتر بێ دەنگ نەبن هەوڵی شاردنەوەی ئەو تاوان و زوڵمە نەدەن کە بەرامبەریان دەکرێ.




**لە رۆژهەڵاتدا تەنیا ئیدیعای پێشکەوتن دەکرێ، بەڵام لە ئەرزی واقیعدا گۆڕانێکی ئەوتۆ نییە مایەی باس کردن بێ**




**ژنانی رۆژهەڵات بێ ئەوەی هەست بکەن دەستیان هەیە لەو ژیانە خراپەی کە تێیدان، بەبێ ئاگاییەوە بەشدارن لە بەردەوامیدان بە رەوشەکە**